

# بەڕێوەبەرو خاڵی هاوسەنگ بوون

عەبدولواحید محەمەد حاجی

بەڕێوەبەری خوێندنگاکان ڕۆڵی کاراو گرینگیان هەیە لە ڕاستاندنی خوێندنگاکانو بەرەو پێشبردنی ڕایەڵەی پەروەردەو فێرکردن، لەهەمان کاتیشدا دەبێ کاراکتەرێکی نموونەیی بێت بۆ یەکخستنی هەموو لایەنەکانی نێو خوێندنگا، خوێندکار، مامۆستا، کارمەندەکان، دەزگا پەوەرەیەکانی سەرووتر، هەروەها دایکانو باوکان بەدیوێکی تر، دەتوانین بڵێین بەڕێوەبەر داینەمۆی هەڵسورانی تەواوی کاروبارەکانە لەنێو خوێندنگا، بەپێی ئەو پێشەکیەی سەرەوە پرسیارێك دروست دەبێت ئاخۆ ئەو کەسە دەبێ چۆن بێ؟ دەکرێ هەموو مامۆستایەك بکرێتە بەڕێوەبەر؟ دەکرێ بێ چەند بنەمایەکی زانستیانەو پەروەردەیانە هەر بەنووکە قەڵەمێك دابمەزرێت؟ ئەوەی ڕاستی بێت لە خوێندنگاکانی ئێمە هیچ هەژمارێك بۆ ئەو بنەمایانە نەکراوە، تەنها بنەمایەك تا ئەو چرکەیەی تێیدا دەژین کە هەژماری بۆ کرابێ، ئەویش لایەنی سیاسیە کە خۆی لە خۆیدا بێ بایەخکردنی ئەو پۆستە پەروەردەییە گرنگەیە، بەڕاستی ئەم داکەوتە بۆتە جێگای نیگەرانی لای مامۆستایان لەلایەك، لەلایەکی تریش لای خەمخۆرانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، ناکرێ هەموو ئەو بنەمایانەی کە پێویستن بۆ کەسایەتی بەڕێوەبەر لەبەر چاو نەگیرێ، تەنها بنەمایەك ببێتە سەنگی مەحەك، بەڕاستی ئەوە خۆی لە خۆیدا خەساندنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، چونکە لەحاڵێکدا خەڵکی زۆر بەتواناو لێوەشاوە هەبێت لە نێو خوێندنگاکان، کەچی هەژماری بۆ نەکرێ لەبەرامبەردا کەسێکی کەم تواناو کەم شارەزا هەر لەبەر ئەوەی لەڕوی سیاسیەوە عەیاربیستو چوارە، بکرێتە بەڕێوەبەر، هەقە وەزارەت گەڵاڵەی چەند بنەمایەکی پەروەردەییو زانستانە بکات لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانە بەڕێوەبەر دەستنیشان بکرێت، واباشیشە تاقی کردنەوەی دەوروبەرو وڵاتە پێشکەوتووەکان لەسیستەمی پەروەردەو فێرکردنبانو کەسایەتی مامۆستاو دامەزراندنی بەڕێوەبەر لەبەرچاو بگیرێو ئەوەی دەگونجێ کاری پێبکرێ لەماوەی ڕابردودا، بەندە هاوڕێ لەگەڵ پانزە مامۆستای تر، گەشتێکی پەروەردەییمان لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردەو ڕێکخراوی (کۆیکای کۆری) بۆ ئەو وڵاتە ئەنجامدا، لە چوارچێوەی پرۆگرامی گەشتەکە، سەردانی چەندین ناوەندی خوێندنمان کرد بە هەموو بەشەکان، سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەوێ کەسایەتی بەڕێوەبەر گەلێك گرنگە، لەلای دەوڵەتیشەوە زۆر بەهەند وەردەگیرێ، بۆیە یەکەم بنەمای دیاریکردنی بەڕێوەبەرو یاریدەر زۆری خزمەتکردنە، واتە مامۆستا دەبێ بیستوپێنج ساڵ خزمەتی هەبێ، ئینجا دەبێتە یاریدەر سێ ساڵیش یاریدەری بکات، ئینجا دەتوانێ داوای بەڕێوەبەرایەتیکردنی خوێندنگاکان بکات، سەرباری ئەوەی بۆ یاریدەرو بەڕێوەبەری دەبێ تاقی کردنەوەی پێویست بکات، ئەگەر دەرچوو، ئینجا ئەو پۆستانە وەردەگرێ، بەداخەوە لای ئێمە ئەمڕۆ دەردەچێ بەیانیەکەی دەبێتە بەڕێوەبەر، تەنها لەبەر ئەوەی عەیارەکەی تەواوە، سەیرەکەش لەوەدایە، خەڵکی بەتواناو لێوەشاوەش هەیە، بەڵام عەیارەکەی دوانزەیە، واتە تەواونیە، من وای بۆ دەچم تا ئەو عەیارو عەیارکاریە لەنێو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا هەبێت، ئەوە دەستی خۆمان دەبێ بشۆینو بەنیازی هیچیش نەبین.